## وتوویژ لەگەڵ سڤێتلانا ئالێکسیێڤیچ براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەب بۆ ساڵی 2015



# من مێژوونوسێکی باش نیم، دڵم هەمیشە پەسەندی ئەمە دەکات

چاوپێکەوتنی: جولیا چایکا
لەفارسیەوە: پێشەنگ

**وتوێژی تەلەفۆنی لەگەڵ سڤێتلانا ئالێکسێڤیچ، لەدوای ڕاگەیاندنی ناوی ئەو وەکو براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەب بۆ ساڵی 2015**

**جولیا: سڵاو، من ناوم جولیایە، لەوێبسایتی فەرمی خەڵاتی نۆبڵ** (N0belprize.org) وە پەیوەندی دەکەم. پیرۆزبایی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵی ئەمساڵتان لێدەکەم.

سڤێتلانا: زۆر **سوپاستان** دەکەم!

**جولیا: ڕەنگە ئێوە بزانن کە براوەی خەڵاتی نۆبڵن؟**

سڤێتلانا: بەڵێ دەزانم بەڵام هێشتا باوەڕکردن بەم ڕاستیە قورسە. (پێکەنین)

جولیا: ئێمە دەزانین کە تۆ لەسەر ڕێی ڕۆیشتنی بۆ کۆنفرانسێکی چاپەمەنی..

سڤێتلانا: بەڵێ، تاکسی چاوەڕێمە.

**جولیا: ئومێدەوارم کە تۆ 2-3 خولەك کاتت بۆ وەڵامدانەوە بەچەند پرسیارێك هەبێت. ئەم وتوێژە تۆمار دەکرێت و پاشان لەسەر ڕووی وێبسایتەکەمان لەپاڵ براوەکانی دیکەدا شیاوی دەستگەیشتن دەبێت.**

سڤێتلانا: بەڵێ، حەتمەن.

**جولیا: ئێمە دەمانەوێ بزانین کاتێك ئەم مەسەلەیەت زانی، کاردانەوەت چی بوو.**

سڤێتلانا: هەڵبەتە، هەستێکی چێژ بەخشە. هەستێکی سەیرو نامۆ کە دەمەوێت بیشارمەوە. بەڵام ئەم هەستانە بوونەتە هۆی دروستکردنی پەشۆکان لەمندا، ئەوەندەی کە تەواوی ئەم تارماییانەی لەمندا زیندووکردەوە: سولژنتسین، بونین، پاسترناك، هەموو ئەمانە براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی ڕوسی بوون. بەڵام ئەم خەڵاتە هەرگیز نەگەیشتبووە بیلاروسیا. ئەمە ڕێگەیەکی دوورودرێژە، کارێکی مەزن بووەو کۆمەڵێك شتی تازە چاوەڕێی منە.

**جولیا: سوپاس بۆ ئەم وشە جوانانە. بابچین بەلای شێوازی نوسینتانەوە. دەتوانم بپرسم کاتێ کە تۆ ئەم جۆرە ئاراستەی ڕۆژنامەگەریەتان لە کارەکەتاندا هەڵبژاردووە چ کاریگەرییەکی لەسەر شێوازی نوسینتان هەبووە؟**

سڤێتلانا: دەزانی هەموو شتێك لە دنیای مۆدێرندا زۆر بەخێرایی ڕوودەدات نە کەسێك و نە گشت کەس توانای نییە دەرکی پێبکات. زۆر خێرا. هیچ کاتێك بۆ دانیشتن و بیرکردنەوە بوونی نییە. بۆنمونە تۆلستۆی بیروباوەڕەکانی لە دە ساڵ زیاتر درێژەی کێشا تا بە پێگەیشتن بگات. هەر کەسێك وەك من دەتوانێت تەنیا بەشێکی بچووك لە حەقیقەت بزانێت،



سڤێتلانا

**کاتێك کە من سەرگەرمی نوسینم، وا هەستدەکەم کە لەگەڵ نزیکترین دۆستەکانمدا قسە دەکەم. حەز دەکەم پێیان بڵێم کە من لەم ژیانەدا واقعیەتم هەیە. من هەرگیز ئەم یاساو دادگەرییە قبوڵناکەم**

تەنیا گومان دەکەم. هەندێ کات من تەنیا 10 دێڕ لە 100 لاپەڕەی دەقەکەم دەهێڵمەوەو هەندێ کات تەنیا یەك لاپەڕە هەموو ئەم بەشانەش پێکەوە ئاوێتە دەبن تا ڕۆمانێکی وەك من دەنگەکان بەرجەستە بکات و هەر ئەوانەش زەمەنی ئێمە وێنا دەکێشن و دەڵێن کە چ ڕوداوێك بەسەر ئێمە تێپەڕیوە.

**جولیا: ئێوە لە ڕۆمانی دەنگەکاندا سودتان لە خوازەیەکی سەرسامکار وەرگرتووە، پرسیاری دواتری من پەیوەستە بە من. ئێوە لە ڕێبازی کارتاندا بینەری ئازارێکی مەزن و هەروەها بینەری چەندین ترس و ئازار بوویت. ئایا کاریگەری لەسەر دۆخی تۆ بۆ مرۆڤ بوون داناوە؟**

سڤێتلانا: ئەم پرسیارە زەمەنێکی زۆری بۆ وەڵامدانەوە پێویستە بەڵام دەبێت بڵێم کە من پەیوەستم بە کلتورێکەوە کە بەشێوەیەکی هەمیشەیی لە دۆخێکی ئازار بەخشدایە. هەندێ کات ئەم دۆخە لە کلتورەکانی دیکەدا جێگەی باوەڕکردن و بەرگەگرتن نییە. بەڵام بۆ ئێمە دۆخێکی ئاساییە. ئێمە لەو کلتورەدا دەژین و کۆمەڵگای ئێمەیە. هەموو ئەم ساڵانە، ئێمە لەنێوان قوربانی و جەلادەکاندا دەژین. لەهەر خێزانێکدا، تەنانەت لە خێزانەکەمدا. لەساڵی 1937 لەشاری چەرنۆبێڵ ئەم جەنگە بوونی هەیە. هەموو کەسێك دەتوانێت چیرۆکی تایبەت بەخۆی هەبێت....هەر خێزانێك دەتوانێت ڕۆمانێك لە ئازارەکان بە ئێوە بڵێت. ئەمەش بەم مانایە نیە کە من لەم وێنانە ئامانجێکم هەبێت یان ئەمەی کە حەزدەکەم خەڵکەکەم بیر لەم هەلومەرجانە بکەنەوە. نە ئەمە بەشێکە لە ژیانی ئێمە. کەسێك بێنە بەرچاوت کە لە تیمارستان دێتە دەرەوەو لەبارەی ئەوەوە دەنوسێت. ئایا دەبێت من پێی بڵێم کە: گوێ بگرە، بۆچی تۆ لەبارەی تیمارستانەوە دەنوسیت؟ وەکو پریمۆلوی کە لەبارەی کۆکردنەوەی ئۆردوگاکان و ئەمەی کە نەیتوانیوە بەر بە فرمێسکەکانی بگرێت، نوسیبووی. یان شالاموف کە لەهەمان ئۆردوگاکاندا کوژرابوو. ئەو لەبارەی شتێکی دیکەوە نەیدەتوانی بنوسێت. من خۆم سەرم سوڕماوە کە بۆچی ئێمە هێشتا هەرواین و ناتوانین ئازارەکانمان بگۆڕین بۆ ئازادی. ئەم وشیارییە وابەستانە بە لاسایکردنەوەی بەردەوام بڵاوبۆتەوە؟ ئایا ئێمە ئازادیمان لەبەرامبەر قازانجی مادیدا دەگۆڕینەوە؟ یان بە ترسەوە، هەروەکو پێشتر ئەنجامانداوە.

**جولیا: بۆکێ دەنوسیت؟**

سڤێتلانا: هەستدەکەم ئەگەر لە وەڵامی ئەم پرسیارە تێبگەم، ئاسانتر دەتوانم بۆ هەموو کەسێك قسە بکەم. کاتێك کە من سەرگەرمی نوسینم، وا هەستدەکەم کە لەگەڵ نزیکترین دۆستەکانمدا قسە دەکەم. حەز دەکەم پێیان بڵێم کە من لەم ژیانەدا واقعیەتم هەیە. من هەرگیز ئەم یاساو دادگەرییە قبوڵناکەم. من مێژوونوسێکی باش نیم. دڵم هەمیشە پەسەندی ئەمە دەکات. ئەم پرسیارە کە نیگەرانی منە، تا ئەو زەمەنەی کە ئێمە دەتوانین لەم جادە ترسناکەدا هەنگاو بنێین. چەندە مرۆڤێك دەتوانێت بەرگە بگرێت؟ ئەوەی کە بۆچی لایەنی شاعیرانەی ئەم کارەساتە بۆ من گرنگە. بۆ هەموو کەسێك گرنگە بڵێت پیاو یان ژنێك کە کتێبی ترسناك بخوێنێتەوە و هەستێکی باشتری هەبێت، بەوەی خوێنەرێك فرمێسك بڕێژێت و پاشان فرمێسکەکانی بسڕێتەوە. تۆ دەبێت هەموو ئەم شتانەت لە خەیاڵدا بێت، نەك ئەوەی کە تەنیا خەڵك لە کارەساتدا نقوم بکەیت.

**جولیا: سوپاست دەکەم و جارێکی دیکە پیرۆزباییمان قبوڵبکە. ئێمە خۆشحاڵ دەبین کە ئێوە لێرە لە ستۆکهۆڵم لەمانگی دیسامبەر بەدیدارتان بگەین.**

سڤێتلانا: سوپاست دەکەم و خوا حافیز.

**جولیا: خودا حافیز.**

**پەراوێز/**

**• پریمۆ لوی: نوسەرێکی یەهودی کە لە ئۆردوگای ئەشویتس بەزیندوویی گەڕایەوەو بیرەوەرییەکانی دیلیەتی لە ئەشویتس و ئەوروپای خورهەڵاتی لە دوو کتێب بەناوەکانی (ئەگەر ئەمە پیاوێکە) و (پەیماننامە)دا نوسی.**

**• شالاموف: وارلام شالاموف کەلەساڵی 1937 دا لەلایەن حکومەتی ڕوسیاوە دەستگیرکراو دوورخرایەوە بۆ ناوچەی کولیما لەباکوری ڕۆژهەلاتی سیبریا. ئەو نزیکەی دوو دەیە لە ژیانی لەم ئۆردوگایانەی کاردا بەناچاری بەسەربرد.**



